www.kurdistannet.org
3-3-2003 23:09

# ئەمڕۆ ٢٥ قوتابی بەسەرپەرشتی فەرهاد پیربالّ لە شاری هەولێرەوە بەرەو دەروازەی ئیبراهیم خەلیل بەرێکەوتن

حوسێن هیممەتی-هەولێر



هەولێر، ٣-٣-٢٠٠٣/کاتژمێر ١ و نیوی دوای نیوەڕی ئەمڕۆ ٢٥ کەس کە زۆربەیان قوتابی زانکۆ بوون، ٢پزیشك و ٢ رۆژنامەنووسیا ن لەگەل دابوون لە بەردەم مالّی شەرەفخانی بەتلیسی لە هەولێرەوە بەرەو دەروازەی ئیبراهیم خەلیل بەرێکەوتن.

د. فەرهاد پیربالّ ی مامۆستای زانکۆی سەلاحەددین لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ رۆژنامەی میدیا، لەکاتی بەرێکەوتنیان دا گوتی:ئێمە کوڕەکان بەیانی زوو دەچین لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل وەك نارەزایی دەربڕینێك لەبەردەم هاتنی سوپای تورکیا خۆمان رووتدەکەینەوە. ئەو چالاکییەی ئێمە دەستپێشخەرییەکی سەربەخۆییە و هاندان و پشتگیری هیچ دەزگایەك حکومی و حیزبی لە پشت نییە. دەچین لە زاخۆ لە مزگوت دەخەویین، لقی دهۆکی یەکێتی نووسەرانی کور پێخەفمان بۆ دابین دابین دەکەن.

بە شێوەیە پاسەکەیان کە لە بنەڕتدا٢١کەس بە خۆیەوە دەگریْ بە٢٥کەسەوە بەڕێکەوت، لە پێشەوەی پاسەکەش بە لافیتەیەکی گەورە نووسرابوو (دەکرێت وەکو دوو دراوسیْ بژین) .

شاینی باسە کە (تەرزە جاف) ی نووسەر و بەرێوبەری مالّی شەرفخان و هاوسەری فەرهاد پیربالّ و ( تنۆك) ی کچە چوار سالّییەکەیان هاوسەفەری ئەو ٢٥ قوتابی و پزیشك و رۆژنامەنووسە بوون.

ئەمەش دەقی یادداشتی ئەو کۆمەڵە یە:

**بەڕێزان. .**

**کوفی ئەنان، ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی**

**گەلی تورکیای هاوسیْ، مرۆڤدۆستانی دونیا**

**ئێمە کۆمەڵێك قوتابی زانکۆ، کۆمەڵێك هەناسەی تووڕە، کۆمەلێك مرۆڤ کە جەنگ و خوێن تا سەر ئێسقان تووڕە و بێزاری کردووین، دایك و باوك و خۆشەویستەکانمان جێهێشتووە و هاتووین چەند هەنگاوێك لەو دیو دەبابەکانی تورکیاوە وەستاوین. ئەوان بە نیازی شەڕ و داگیرکردن، ئێمەش بەنیازی ئاشتی و برایەتی هاتووین و گیرفانەکانمان پڕە لە فرمێسکی ئەو ژن و منالّانەی نایانەویْ شەڕ و داگیرکاری بەهاریان لیْ بشارێتەوە. . .**

**هاتووین و لەسەر ئەو بستە زەمینەی خۆمان بە تورکیا دەڵێین: (تکایە، هێزەکانتان بکشێننەوە، تکایە رێز لە خەبات و شوناس و مێژووی ئێمە بگرن، تکایە رێز لە دراوسێیەتیمان بگرن. دەکریْ**

www.kurdistannet.org

هەردووکمان، ئێمەی کورد و ئێوەی تورك وەك هاوسێ وەکو مرۆڤی ئازاد لە ولأتی خۆمان بژین و ریز لە ئینسانییەتی یەك بگرین) .

جارێکی تر لەگەڵ دەنگی کەمانچەکەمان، لە گەڵ نزای هەموو مرۆڤێکی خاوەن هیواو ئیمان دەڵێین تکایە بگەرێنەوە و لیمان گەرێن بۆخۆمان بژین، ئەگینا میللەتێك لە دوامانەوەیە ئامادەنییە ژێردەست بژیت. . ئامادەنییە خەبات و مێژووی خۆی بدۆرێنێت، ئامادەنییە رازیبێت دەبابەکانی تورکیا باخچەکانی ویرانبکات و بە توندترین شێواز بەرەنگارنتان دەبێتەوەو مێژووش بە خراپترین شێوە دەتان نووسێتەوە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت